www.kurdistannet.org
02/07/2003 00:25


به ناوی كوردستانی گه‌وره !

٢٠٠٣/٦/٢٩

# به‌رده‌نووسی نێو سنگ

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com

یه‌كێك له‌و شتانه‌ی كه بۆ روونكردنه‌وه‌ی پێشینه‌ی هه‌ر گه‌لێك فره به‌كه‌ڵكه، به‌رده نووسه، كه به زمانی عه‌ره‌بی، پێی ده‌ڵێن " كه‌تیبه". جاری وا هه‌یه به خوێندنه‌وه‌ی به‌رده‌نووسێك، چه‌ندین رازی گه‌وره‌ی مێژویی روون ده‌بێته‌وه‌ێ.

له ناوچه‌ی كورده واری، له درێژایی مێژودا، وه‌ك كاتی ئێستا، داگیركه‌ران یا نه‌یان هێشتوه به‌رده‌نووس ساز بكه‌ین و شته‌كانمانیان له‌سه‌ر بنووسین، یا ئه‌گه‌ر به ده‌گمه‌ن ده‌رفه‌تی سازكردنی به‌رده‌نووسیشمان بوبێ، وه‌ك له‌م چه‌رخه‌دا زۆر جار كتێبه‌كانیان سووتاندوین، له درێژایی مێژوشدا، به‌رده‌نووسه‌كانیان شكاندوین و شتێكی وایان به ساغی نه‌هێشتوته‌وه. بۆ وێنه، هه‌ر له سی ساڵی رابوردودا، به‌رده‌نووسی " كه‌ڵ و شێر" یان، له گوندی ده‌لمه، له نزیكی دێی گوێگجه‌لی، له ناوچه‌ی بۆكان، ته‌فر و توونا‌كرد.

به‌ڵام به خۆشیه‌وه، چون كورد گه‌لێكی بیرمه‌نده، توانیویه‌تی هێندێك له‌و زه‌ره‌رانه، به كه‌له‌پووری فۆلكلۆر پربكاته‌وه. فۆلكلۆر، به زمانی فه‌ڕه‌نگی به مانای" زانستی گشتی"ه، یانی زانستێك كه هی ته‌واوی گه‌له، واته كه‌سێكی دیاری كراو، ئه‌و زانسته‌ی دانه‌هێناوه و نه یخولقاندوه، به‌ڵكه به هۆی ته‌واوی گه‌ل، به درێژایی مێژو، خولاقاوه و سنگ به سنگ هاتوه.

فۆلكلۆرگه‌لی گرنگی كوردی ئه‌مانه‌ن :

هۆنراوه‌ی فۆلكلۆری، به‌یت، چیرۆكی فۆلكلۆری، په‌ندی پێشینان، قسه‌ی نه‌سه‌ق، جه‌فه‌نگ (گه‌ڵته و گه‌پ) ، مه‌ته‌ڵ و ئه‌فسانه.

جا، فۆلكلۆری كوردی، وه‌ك به‌رده نووس، پریه‌تی له مێژو، قسه و باس، زمان ناسی، به‌سه‌رهات، ده‌روون ناسی، كۆمه‌ڵناسی و زۆر خاڵی دیكه، كه ده‌بێ ئه‌م فۆلكلۆرانه، به چه‌شنی به‌رده‌نووس، زۆر به وردی بخوێنینه‌وه، كه‌ڵكیان لێ وه‌ربگرین و بیانپارێزین. هۆی گرنگ بوونی هه‌ره زۆری فۆلكلۆری كوردی ئه‌مه‌یه، كه كورد له درێژایی مێژودا، به‌م هۆیانه‌ی خواره‌وه و له به‌ر زۆر شتی دیكه، ده‌رفه‌تی ئه‌وه‌ی نه‌بوه مه‌به‌ستگه‌لی خۆی بهێنێته سه‌ر پارچمێنت (پێستی خۆشكراو) ، به‌رده‌نووس، كاغه‌ز و په‌ڕتووك، هه‌ر له سنگی دا ماوه، سنگ به سنگ گه‌ڕاوه و بوه‌ته فۆلكلۆر :

١- چون، نووسینی كوردی و نووسینی شتی سه‌باره‌ت به كورد، زۆرتر له ژێر ته‌وژمی سانسۆردا بوه.

٢- چون، تا نزیكه‌ی سه‌د ساڵ پێش، له ناوچه‌ی كورده‌واری دا، كاغه‌ز زۆر كه‌م بوه و ئه‌گه‌ر بووبێتیش زۆر تر به شكڵی تۆمار بوه، كه پانایی‌ه‌كه‌ی ره‌نگه نزیكه‌ی پێنج سانتیمیتر بووبێ. هه‌ر بۆیه وتویانه "تۆمار سه‌عات " یا وتویانه، "تۆمار نووسین".

یه‌كێك له كۆڵه‌كه گرنگه‌كانی خانوی فۆلكلۆری كوردی، هۆنراوه‌ی فۆلكلۆریه. زوربه‌ی ئه‌م چه‌شنه هۆنراوه‌یه، هی شاعیرانی زۆر پایه به‌رزی كورد بوون، كه چون هۆنراوه‌كه له كتێب دا چاپ و بڵاو نه‌بوه‌ته‌وه، ناوی هۆنه‌ركه نازانین. بگره زۆر له هۆنراوه‌كانیش هه‌ر فه‌وتاون و به ده‌ستی به‌ره‌ی دوایی

نەگەیشتون، هەر لەبەر ئەمەیە، هێندێک کەس بە  فۆلکلـۆری کوردی دەڵێن " کەلەپووری نەتەوایەتی "، کە بە مانای " غەنایمی میللیە "، یانی هەر ئەو تۆزەش کە بە دەستمان گەیوە، غەنیمەتە.

ئێسـتا وەک نموونەیەک، دێمە سەر تاقە دێڕێک لە هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی و زۆر بە کورتی ماناکەی راڤـە دەکـەم، کـە دڵنیام ئەگەر بمانەوێ بە بنەوەشت راڤەی بکەین، لە کتێبێکی سەد لاپەڕەیی دا جێگەی نابێتەوە :

هۆنراوەکەئەمەیە :

"بە بازرگانی دەچمە شنۆیە کراست بۆ دەکڕم، لە گوڵی لیمۆیە "

بە کورتی دەتوانین، لە بەردەنووسی ئەم هۆنراوەیەدا، ئەم مەبەستان بخوێنیەوە :

١- دەزانـین کە ئەم هۆنراوەیە، لە سەردەمێک دا وتراوە، کە کۆمەڵگەی ژیانی هۆنەرەکەی، لە سەردەمی کۆمەڵناسـی " بازرگانی " دا بوە، چون وشەی "بازرگانی " بە کار دهێنێ. یانی لە پاش دەورەی فروگاڵ (میوەیـی) و دەورەی شـوانی دا وتـراوە، کە دو دەورەی ژیانی کۆمەڵایەتی کورد بوون، جا بە هۆی ئەمە پسپۆڕان دەتوانن، کە کاتەکەی بناسن ودیاری بکەن.

٢- دەزانـین، کـە ئەم هۆنراوەیە، لە مەڵبەندێکی کوردستان وتراوە، کە بە زاراوەی رادیکالی موکری قسە دەکـەن. چـون دەڵـێ " شـنویە "، ناڵێ " شنۆ ". کە بەم پیوانەیە، هۆنەرێک وتویەتی، کە لە مەڵبەندی شارگەلی خانێ، مەهاباد سەردەشت یا لە ئەو نزیکانە دا ژیاوە.

٣- دەزانـین، کـە لەو مەڵبەندە، لەو کاتەدا، شاری شنۆ دەبێ لەو سێ شارەی دیکە گرنگتر بووبێ، دەنا ئێستـا قـەد کەسێکی مەهابادی لە هۆنراوە دا ناڵێ" بۆ بازرگانی دەچمە شنۆیە". دەشزانین شنۆ شارێکی لە مێژینەیە.

٤- دەزانـین، لـەو کاتـەش دا، سیپالـیک بـوە بـە نـاوی کـراس و هـی ئافـرەتان بوە. چون، سیپاڵ و پێڵـاوەکان، بـە پێـی کـات و جـیگە گۆڕراون، بۆ وێنە ئێستا ئیدی کەس کەوای مرادخانی لەبەر ناکا یا کاڵەی شەمامەبەندی ئیدی نراوە بە تاقەوە.

٥- دەزانـین، بـاوی کۆمەڵی کوردەواری ئەو سەردەمە وا بوە، کە هەرکاتێک پیاو چووبێ بۆ سەفەر، ئەو ئافـرەتەی کە خۆشەویستی بوە، لە ماڵەوە، چاوەڕوانی دیاری لێ کردوە. بۆ یە دەڵێ " کراست بۆ دەکڕم ".

٦- دەزانـین، لـەو کاتـەدا گوڵـی لـیمۆ، دەبێ چەشنە پارچەیەکی تایبەتی کراسی ئافرەتان و مۆدی رۆژ بـووبێ. لـە لایەکـی دیکەوە، بە چەشنی میتافۆرێک (ئیستعارە) ، لیمان حاڵی دەبێ، کە رەنگی زەرد بۆ لیـباس، لـە نـێو کـورد دا، شـتێکی پەسەند بوە، هەر بۆیە هەڵۆی بەرزەفڕی کوێستانگەلی سەربەرزی بـارزان، رنگـی زەردی بۆ پێشمەرگە قارەمانەکانی هەڵبژاردوە یا ماموەستا تاهیر تۆفیق، گورانی کراس زەردێـی وتـوە یـا کـەواو پاتۆڵـی زەردی ئـەلمان، لـە دە ساڵـەی ١٩٤٠ دا، یەکـێک لـە فاسـوونیا خۆشەویسەکانی زۆر لە پیاوانی ناوچەگەلی کوردەواری بوە.

قسە هەزارە، یکێکی بەکارە :

ئێسـتا کـە گەنجـی سـەربەمۆر و بـێ برانـەوەی بەردەنووسی فۆلکلۆری کوردیمان هەیە، با بە چەشنی شـێلگیر و بـە وردی کەلـکی لـێ وەربگـرین. رەنگـە کەم گەلی جیهان، خەزێنەی وای هەبێ ؟! بە تایبەت بەیتەکانمان و باقی فۆلکلۆرەکانیش.

تێبـینی : نـزیکەی دو ساڵ، یاریدەدەری بەشی خەڵک ناسی Volkekunde لە زانستگەی ئازاد Frei Universitaet شـاری بێرلین و دەستیاری پرۆفیسۆر ولفگانگ روودولف بووم، کە ئیشەکەم تایبەت

www.kurdistannet.org

بـو بە کوردناسی، بە تایبەت بە فۆلکلۆری کوردی.  جـا، ئـەم نووسـراوەیەم لەسـەر بـنەڕەتی ئـەو لێکۆڵینەوە مەیدانیە نووسیوە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت